
# لاپتۆپێک دەبێتە دیسکتۆپ



هەرچەنــدە کۆمپیوتەری لاپتۆپ هەڵگرتن و راگواســتنی گەلێك ئاســانە، بەڵام ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر کار لەســەر کۆمپیوتــەر دەکەن زیاتر چێژ لە کۆمپیوتەری دیســکتۆپ واتە کۆمپیوتەری سەر مێز وەردەگرن. کۆمپانیای ئەیســەر لاپتۆپێکی بەرهــەم هێناوە کە بە Asire R7 ناســراوە، ئەم لاپتۆپە لەکاتی پێویستدا دەبێتە دیسکتۆپ. نە تەنیا دەبێتە کۆمپیوتەری سەرمێز، بەڵکو دەبێتە تەبلێتیش. روونی و گەشەی نیشاندانی شاشەکەی سەرووی فول ئێچ دییە. رامەکەی 6 گێگابایتە و هاردەکەی پێنج ســەد گێگایە و کێشەکەی دوو کیلۆ و چوارسەد گرامە.

# ماوسێک لە یەک کاتدا



کۆمپانیای لاجتیك زۆربــەی هەوڵەکانی لە بەرهەمهێنانی ماوســدا چڕ کردۆتەوە، ئەویش نەك ماوسێکی ئاسایی، بەڵکو ماوسی پێشکەوتوو. یەکێك لە ماوسە پێشکەوتووەکانی کۆمپانیای ناوبراو ماوســی جۆری performance MXـە، ماوسی ناوبراو ستایلەکەی هەروەك ستایلی پێشویە، بە تۆزێك گۆڕانکارییەوە. دوگمەیەکــی تایبەتی تێدایە بە داگرتنــی و جوڵەی ماوس بۆ پێش و پاش و چەپ و راســت ئەرکــی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. وەك گەورەکردن و بچووککردنەوەی لاپەڕە، هەڵدانەوەی لاپەڕە، ماوســەکە بە سێ ئامێر پەیوەند دەدرێ و بە داگرتنی دوگمەیەك ئامێرەکە دەستنیشان دەکەی بۆ نموونە دوو لاپتۆپ و تەبلێتێکت هەیە، بە داگرتنی دوگمەیەك دەتوانی دەستنیشان بکەی مەبەستت چ ئامێرێکە. ماوسەکە شەحن دەبێتەوە و هەتا زیاتر لە مانگێکیش شەحنەکەی دانابەزێت.

# پاسەوانی دیجیتاڵی بۆ ماڵەوە




لە ماڵــەوە دوور کەوتوویتەوە، منداڵەکان لە ماڵــەوەن، منداڵەکانت بە کێ سپاردوون، بە تەنیان، یان بەنگلادیشییەکت بۆ هێناون، یان بە خزم و کەسوکارێکت ســپاردوون. ئەوانە هیچ مەکە، ماڵ و منداڵت بە Icontrol-Networks-Piper پاسەوانی دیجیتالی بسپێرە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئەگەر لەو سەری جیهانیش بی ئاگاداری ماڵەوەت دەبی. ئەو ئامێرە پێکهاتووە لە کامێرایەکی هۆشمەند کە هەڵســوکەت و جموجۆڵی ماڵەوە سات بە سات بە راپۆرت بۆت دەنێرێ. تەنانەت دەتوانی قســە لەگەڵ منداڵەکانیشــت بکەی. جگە لەوەش ئەگەر مەترســییەکی بۆ ماڵەوە بێت ئاگادارت دەکاتــەوە، وەك کەوتنەوەی ئاگر و شــکانی بۆری ئاو. رێژەی دەنگ و رادەی شــێ و رووناکی و گەرمای ماڵەوەشت بۆ راپۆرت دەکات.



## پاولۆک ناهێڵێت تەمبەڵ بی

تەمبەڵی جەستەیی و جوڵە نەکردن هەموو جیهانی تەنیوەتەوە، بەهۆی وەرزش نەکردن و حەسانەوەی زۆری جەستەیی گەورەترین نەخۆشی سەدە روویداوە، ئەویش بەرزبوونەوەی کێشی لەشە. تەکنەلۆژیا رۆڵێکی نەرێنی لەم بوارەدا گێڕا، دەکرێت بڵێین: پشکی شێری بەرکەوت لە بردنەسەری کێشی لەش و زیادبوونی دەیان نەخۆشی..

ئێستا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ نیازیانە بە جۆرێکی دیکە قەرەبووی بکەنەوە وەك بەرهەمهێنانی ئامێرە دیجیتالییەکانی تایبەت بە پێوانی رێگەی رۆیشتوو، پێوانی کالۆری سووتێندراو. لێدانی دڵ. لەم دواییەدا بازنەیەکی هۆشمەند بەناوی پاڤلۆك (pavlok) بەرهەم هاتووە کە هانت دەدات خووی خراپی تەمبەڵی وەلا بنێی. بۆ نموونە ئەگەر ماوەیەك لە شوێنی بێ جووڵە مایەوە، تەزوویەکی کارەباییت لێدەدات. ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەنووی، هەڵتدەستێنێ. خاڵی جێگەی سەرنج لەوەدایە دەتوانن هاوڕێیکانت کۆنترۆڵت بکەن، بۆ نموونە بڕیارت داوە سبەی 6 کیلۆمەتر بە رێگەدا بڕۆی، ئامێرەکە لەگەڵ GPS دەگونجێنی، هاوڕێکەت لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت کە تۆ دەڕۆی یان نا، ئەگەر نەڕۆی هەر بەهۆی هێڵی ئینتەرنێتەوە دوگمە دادەگرێ و تەزوویەکت لێدەدا. پسپۆڕانی تەندروستی دەڵێن: بەهۆی ئەو بازنە هۆشمەندەوە دەتوانی لە ماوەی چەند مانگێکدا 15 کیلۆ دابەزێنی.

## بۆ سێ ئامێر دەگونجێت





## هیدفۆنێکی تایبەت دەزانێت حەزت لە چ گۆرانییەکە

هەرکەسەو حەز و ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە لە گوێدان بە مۆسیقا و گۆرانی، هەیە گۆرانی ریتمی شاد و خێرای بەدڵە، کەسانێکیش هەن حەز لە گۆرانی و مۆسیقا ئارام و لەسەرخۆ دەکەن. لە فلاش میمۆری، یان هاردێکی دەرەکیدا هەزاران گۆرانی هەیە بەڵام نازانی کامەیان لەگەڵ ویستی تۆ دەگونجێت و ناشکرێ یەك بەیەك گوێیان لێبگری. هیدفۆنی هۆشمەندی (aivvy) هەرکە خاوەنەکەی لە گوێی خست، لە نێوان 40 ملیۆن پارچە مۆسیقی کە تێیدا خەزن کراوە دەزانێت خاوەنەکەی حەزی لە چ جۆرە مۆسیقییەکە و ئەوانەی بۆ بڵاودەکاتەوە کە لە گەڵ ویستی بەکارهێنەرەکەی دەگونجێت. هیدفۆنەکە بە بێ سوودوەرگرتن لە مۆبایل یان کۆمپیوتەر بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ و گۆرانییەکان لە سایتەکان دادەبەزێنێ.






# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نیازم هەیە کامێرای دیجیتالی بکڕم، ئایا هەتا میگاپیکسلی کامێراکە لەسەرتر بێت ئەوە بەمانای باشتری کامێراکەیە؟**

خوێنەری بەڕێز لە وەڵامدا دەبێ بڵێین نەخێر، لەسەر بوونی میگاپیکسل بەمانای باشی کامێرایەکی دیجیتالی نایەت، بەو مانایە نییە ئەگەر کامێرایەك 18 میگاپیکسل بێت یەکێکی دیکەش 12 میگاپیکسل بێت بەمانای ئەوە نییە 18ەکە باشترە لە 12، بەڵکو چەندین تایبەتمەندی دیکە هەن بۆ کامێرایەکی باشی دیجیتالی، وەك زومی زۆر، فۆکسی ورد، گونجان لەگەڵ تاریکی و ڕووناکی و..تاد.



## تەبلێتێکی تایبەت بە یاری کردن

یاری ئەلکترۆنی پێویستی بە ئامێری بەهێز و تایبەتی هەیە، دەکرێت بە تەبلێت، مۆبایل، کۆمپیوتەر و پلەی ستەیشن یاری بکرێت، بەڵام یاری سادە و ئاسان کە پێویستی بە گرافیکی بەهێز نەبێت، بۆ یارییە دژوارەکان پێویستی بە ئامێری تایبەت بەخۆی هەیە کە لە بواری گرافیکی زۆر بەهێز بن.

لەم دواییەدا کۆمپانیایەك تەبلێتێکی تایبەتی بە گەیمی ئەلکترۆنی بەرهەم هێناوە کە بە تەبلێتی predator ناسراوە، تەبلێتی ناوبراو 8 ئینجە، چوار بڵندگۆی لە پێشەوە هەیە کە پێدەچێت لە بواری دەنگییەوە کوالیتی لەسەرێ بێت، لێنزی کامێراکەش تا رادەیەك گەورەترە لە لێنزی کامێرای دیکە.



# چەند هەنگاوێک بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەرەکەت

هەســت دەکەی کۆمپیوتەرەکەت خێرایی جارانی نەماوە، یان لەخۆوە تێکدەچێت، یان فایلێك زۆر بە درەنگەوە دەکاتەوە؟ پێویستە بەرلەوەی کۆمپیوتەرەکەمان نیشانی شارەزایەکی ئەو بوارە بدەین، ئەم هەنگاوانەی لێرەدا باســیان دەکەین، گەر بە باشی جێبەجێی بکەن، کۆمپیوتەرەکەتان خێرایی دەچێتەسەر.

1- یەکپارچەکردنی هاردیسك، یان بە واتایەکی دیکە Defrag کردن: خســتنەوە ســەریەکی پارچەکانی هارد خێراییەکی زۆر بە کۆمپیوتەر دەبەخشێت، هەرچەندە ویندۆز8 و 10 ئۆتۆماتیکی ئەم کارە ئەنجام دەدەن، بەڵام بۆ دڵنیایی پێویستە خۆشت جارجارە ئەم کارە بکەی.

2- سڕینەوەی فایلە زیادەکان: جار هەیە بە سەدان فایل لەسەر کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە کە هیچ پێویســتت پێیان نییە، وەك فیلم و وێنــە و فایلی دیکە، کۆمپیوتەرەکەت مەکە بە مەخزەن و کۆگا، هاردیسکێکی پۆرتێبڵ بکرە و فایلە زیادەکان بخەرە سەری.

3- راگرتنــی ئــەو هەموو پرۆگرامانە کــە ئۆتۆماتیکی دەکرێنەوە. لە ویندۆزدا لە بەشی system prefeRences فەرمانی users and groups هەڵبژێرەو لەسەر ئەو پرۆگرامەی کە پێویستت نییە کلیك بکە.

4- ســڕینەوەی ڤایرۆس و فایلە تێکــدەرەکان: هەرچەندە ئەنتی ڤایرۆســەکانیش خێرایی کۆمپیوتەر کەم دەکەنەوە، بەڵام هێشتاکە باشــترن لە ڤایرۆسێك کە هەم خێرایی کۆمپیوتەر کەم دەکاتەوە و هەم تێکی دەکات، بۆیە پێویســتە ئەنتی ڤایرۆسێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت. گوایە کۆمپیوتەری ماکینتۆش ڤایرۆس قبوڵ ناکات، بەڵام لە راستیدا وا نییە و ڤایرۆس ئەویش دەناسێت.

5- ســوود وەرگرتــن لە پرۆگرامەکانــی ئەنتەرنێتی: چ پێویســت دەکات فۆتۆشۆپ، یان پرۆگرامەکانی office لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبێت، ئەگەر هێڵی ئینتەرنێت هەبێت دەتوانی بــێ ئەوەی ئەو پرۆگرامانە لەســەر کۆمپیوتەر دابەزێنی هەر لــە ئینتەرنێتدا ســوودیان لێ ببینی. چونکە مایکرۆســۆفت خۆی ئۆفیسی تایبەت بە ئینتەرنێتی داناوە و کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئۆفیسی سەر کۆمپیوتەر، ئەگەر ئەم پێنج هەنگاوە بگریە بەر بێگومــان خێرایی کۆمپیوتەرەکەت دەچێتە سەر.




کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم دواییانەدا سایتێکی نوێی کردۆتەوە بەناوی HTTP://GL1.IR/HOW-OLD کە رەنگە بە دڵی ئافرتان نەبێت، هەرچەندە رۆژێك دوای کردنەوەی سایتەکە نزیکەی 35 هەزار کەس سەردانی کردووە. بۆیە دەڵێم: بەدڵی خانمان نییە، چونکە ئەگەر وێنەی خۆت لەم سایتەدا دابنێی بەڕاستی تەمەنی راستەقینەی خۆت پێ دەڵێ، ژنان کەمتر حەز دەکەن کەس تەمەنی راستەقینەیان بزانێت.

# داهێنانێکی نوێی ئێڵ جی بۆ خانمان



لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی لە دابینکردنی ئاستی خزمەتکردنی خێزان، کۆمپانیای ئێڵ جی ئەلکترۆنیکس ئامێرێکی چێشتلێنانی (تەباخ) نوێی بەرهەمهێناوە کە زیاتر خزمەت بە کابانی ماڵ دەگەیەنێت.

ئەم ئامێرە نوێیە چەندین تایبەتمەندیی لە خۆگرتووە کە سوودی زۆری هەیە، دیزاینێکی بە توانا و تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتوو لە سیستمی دابەشکردنی وزەی گەرمی و گەرمکردنەوەی دووانی. بە کاریگەرییەکی گەرمیی گەرمی زۆر دەتواندرێ ژەمێك لە ماوەیەکی کەمدا ئامادە بکرێت، هەروەها ئەم چێشتلێنەرە وا دەکات هیچ پاشماوەیەك بە ژێر مەنجەڵەکانەوە بمێنێتەوە و زۆر بە ئاسانی پاك دەکرێنەوە. جامی چاودێریی پێشەوەی تەباخەکە بە ئاسانی لێدەکرێتەوە و دەخرێتەوە شوێنی خۆی، ئەمەش وا دەکات کە بە ئاسانی خاوێن بکرێتەوە.

ئێڵ جی ئەم تایبەتمەندییانەی بەو مەبەستە کردووە تاکو سەلامەتتر بێت لە رێگەی FFD کە لە ناو تەباخە نوێیەکەدا هەیە و وا دەکات کە هاتنی غاز بۆ ناو تەباخەکە بوەستێنێ لەوکاتەی کە داگیرساندنی شکست بهێنێت.

دەربارەی ئەمە بەرێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئێڵ جی ئەلکترۆنیکس بۆ ئامێرەکانی ناوماڵ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیتەر کۆڵن رای گەیاند: ئیمە هەوڵ دەدەین زۆرترین خزمەتگوزاری و ئاسانکاری بۆ کڕیارەکانمان دەستەبەر بکەین لە رێگەی تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکانی کۆمپانیاکەمان، هەروەها جوانترین دیزاینی جیهانی بۆ تەباخ دەخەینە بەردەستیان.